Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade, 22

# شێوازی دەربڕینی هەستی ژن لە گێڕانەوەکانی سەجادیدا

## ( ڕشتەی مرواری بەنموونە)

حەمە نوری عومەر کاکی

بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی

*Article Info*

Received: May 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

ئەدەب، هەست، گێڕانەوە، شێواز، دەربڕین، ژن، گاڵتە.

Corresponding Author

hama.omer@univsul.edu.iq

**پوختە**

لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆکتێبی ڕشتەی مرواری ،کە وەك کتێبێکی گشتگیری مەوسوعی وایە لەکۆکردنەوەو تالیفی نووسەری گەورە علاءالدین سەجادییە ، بۆیەکەم جار لە ساڵی١٩٥٧دا چاپ وبڵاوی کردووەتەوە. توێژینەوەکە باس لە شێوازی ژنی کورد دەکات کە چۆن هەستەکانیان دەردەبڕن لەبەرامبەر پیاواندا، لەو تێکست و نوکتانەی کە لەناو ئەو کتێبە بەنرخەدا کۆکراوەتەوە، پلانی توێژینەوەکەدابەش بووە بە دوو بەشەوە، لەبەشی یەکەمدا تیشك خراوەتە سەرزانستی گێڕانەوە و چەمك و واتا و بەشەکانی ئەو زانستە، لەبەشی دووەمدا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەك پیاو سالاری وپێوەندیی نیوان ژن و پیاو ڕوونکراونەتەوە، لەڕێگای ئەو گفتگۆانەی لە نوکتەکانی ناو ڕشتەی مرواریدا کۆکراونەتەوە، لەم باسەدا گرنگی بە توانای دەربڕینی هەستی ژن دراوە ، کە توانی وەڵامدانەوەی پیاویان لە کاتی قسەکردن و پلارتیگرتنی پیاواندا هەبووە .

## پێشەکی:

ڕشتەی مرواری بەرهەمێکی ناوازەی ئەدیبی کورد عەلائەدین سەجادییە، کتێبێکی ناراتۆلۆگیی گشتگیرە ، (ڕشتەی مرواری ) موزایکی کلتور و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیریی نەتەوەی کوردە ، تاکە مرواری پڕبەها و دەگمەنی کتێبخانەی کوردییە،کە دەکرێت لەگەڵ لایەنی زانستییەوە توێژینەوەی ڕەخنەی نوێ ورەخنەی پراکتیکی و سایکۆلۆژی ودەیان ڕوانگەو ڕەهەندی جیاوازەوە توێژینەوەی لە سەر بکرێت. ئەم توێژینەوەیە لەتەوەرێکی ورد وهەستیارناسکی ئەو شاکارە ئەدەبییە ناوازەی مامۆستا (عەلادین سەجادی )دەکۆڵێنەوە . توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دووبەش پێکهاتووە: لە بەشی یەکەمدا ؛ بەشێوەیەکی تیۆری فۆکس دەخرێتە سەر زانستی گێڕانەوە ، ناراتۆلۆگییەوە، کەلقێکە لە لقەکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بونیادگەریی زمانەوانی، لەگەڵ پێناسەو چەمکی نوکتە، کەژانرێکی ئەدەبیی و بەشێکی سەرەکییە لە هەر هەشت بەرگەکەی ڕشتەی مرواریدا ، هەر لەم بەشەدا، باسی سیستمەکانی گێڕانەوە دەکرێت، بە فۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانییەوە، لەو بنەمایانە ورد دەبێتەوە ، کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت . لە بەشی دووەمدا، لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان، وەك باوك سالاری، پیاو سالاری وبابەتەکانی ئەرکی سایکۆلۆژیا و پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان دەدوێت، لەو باسەدا گرنگیی بە دەربڕینی ژنانی کورد دراوە، بەتایبەت لە وەڵامدانەوەو ڕووبەڕووبونەوەی پیاواندا. ڕشتەی مرواری کتێبێك نییە، نووسەرەکەی بەتەنیا نوکتەو قسەی خۆشی تێدا کۆکردبێتەوە ، بەڵکو کتێبێکی ئەدەبی فرە ژانرە. چەمك و پێناسەی نوکتە لەبەرهەمێکی پێکەنین ئامێزی سنوردارو کورت خایەن و بێ خاوەن زیاتر تێناپەڕێت ، هەرچی کورتە چیرۆك وبەسەرهات و قسە خۆشەکانی نێو ڕشتەی مرواریە ، جگە لەوەی ناوی کەسانێکی زۆری ناودار و چەندین گوندو شاروشارۆچکەی کوردستانی تێدا پارێزراون، ئاوڕی لە گەلێك ژانری ئەدەبیی دیکەش داوەتەوە، وەك کورتەچیرۆك و شیعر و بابەتی کلتوری کوردی. لە ڕووی زمانیشەوە ، بە شێوازی زمانی زۆربەی زۆری دیالێکت و شێوەزار و تەنانەت گۆڤەرەکانی زمانی کوردیش نوکتەو قسەی ناوچەکانی نووسیوە. بەکورتی دەکرێت بگوترێت (ڕشتەی مرواری ) موزایکی کلتور و ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیریی نەتەوەی کوردە . کارەکەی مامۆستا سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا دەچێتە نێو زانستی گێڕانەوە – ناراتۆلۆگییەوە Narratology ،کەلقێکە لە لقەکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بونیادگەریی زمانەوانی ، لە سیستمەکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە بە فۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانییەوە ، لەو بنەمایانە ورد دەبێتەوە ، کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت ، ناراتۆلۆگی لە بونیادی گێڕانەوە وەرگیراوە.

کەواتە زۆربەی زۆری نووسینەکانی ئەوکتێبە ، سەر بە زانستی گێڕانەوەیە ، کە بە عەرەبی پێی دەگوترێت( علم السرد )، سەجادیش لەو زانستەشدا زانا و بە توانا بووە.

### بەشی یەکەم : هونەری گێڕانەوە لە تێکستە ئەدەبییەکانی سەجادیدا گێڕانەوە

لەم توێژینەوەیەدا ناکرێت بەدوورودرێژی لەڕووی زانستییەوە باس لە زانستی گێڕانەوە و چەمك وبوارورەگەزە جیاوازەکانی بکرێت، بەڵام لێرەدا وەك پێویستییەك، بەکورتی کەمێك سەبارەت بەو زانستە هەندێك زانیاری دەخرێنەڕوو. لە زمانی کوردیدا ولە فەرهەنگەکاندا گێڕانەوە ، جگە لەواتا گشتییەکەی لەبواری زانستی ئەدەبدا، بە واتای (ڕاز، بەسەرهات، سەرد، حیکایەت، نەقل، قەول، سەرگوزەشتە)، بەکاردێت. هەمووشیان نیشاندەری" " narrationی ئینگلیزی و" ریوایت، حیکایت"ی فارسی و" سرد"ی عەرەبین. بابەتێکی دێرینی هێندەی مێژووی مرۆڤایەتییە(( .گێڕانەوە وەك چەمێکێکی ڕەخنەیی و ئەدەبی نوێ، وەك کێشەیەکی ئەدەبی ئاڵۆز، کە هەردەم دەمانگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەی ژانرەکانی ئەدەبی، لە ناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات و ئەدەبی کوردیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە چەند هەنگاو و وەرچەرخان و گۆڕاندا تێپەڕیوە ، هەروەها لە ڕووی پێناسەی ئەو زانستەوە ، گێڕانەوە : زانستێکە کار لەسەر ناساندن، ڕوونکردنەوە، چەسپاندنی چەمک و زاراوەو ڕەگەزەکانی گێڕانەوە دەکات. جیاکاری لە نێوان پلۆت و چیرۆکدا دەکات و هێڵی تەنکی نێوان ژانرەکانی ئەدەبی گێڕانەوە دیاریدەکات))(کاکە محەمەد:۲۰۲۲،۵ )هەرچەندە نوسین لە بارەی گێڕانەوەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لەم سەردەمەدا توێژەران ونووسەرانی ڕەخنەی ئەدەب گرنگیی زۆری پێدەدەن و بۆاری تێڕوانین و باری سەرنجەکانیان، تادێت مەودایەکی فراوان دەگرێتەبەر ولەوەتێپەڕیوە ،کەتەنیا لەسەر واتاو چەمکە کلاسیکییەکەی لێکۆڵینەوە بکەن ، بەڵکو وەك زانستێك لە زانستەکانی ئەدەب دەناسێنرێت.

گێڕانەوە هەر لە گفتوگۆی نیوان کەسەکانی کۆمەڵەوە دەگرێتەوە، ئەمە جگە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکان، وەك چیرۆك بە جۆرەکانییەوە وڕۆمان و نوکتەو شانۆنامە و شیعر و...تاد. ئەم کۆرتە لێکۆڵینەوەیە، تیشك دەخاتە سەر گێڕانەوەی ئەو تیکستە کۆرتەچیرۆك ئامێزانە و نوکتەکانی ناو ڕشتەی مرواری، کە نووسەرەکەی، چۆن هونەرمەندانە گێڕانەوەکانی نووسیوەتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی، کە لەسەر زاری ژنانی کوردەوەن، بە شێوازێك چنینی گێڕانەوەکەی داڕشتووە، بەتەواوی هەستی مێینەی کوردی تێدا دەربڕیوە ، ئەو تێکستانە هەردەم زیندون وهەمیشە تاموچێژی ئەدەبی و هونەریی خۆیان لەدەست نادەن وتائێستاش خوێنەری خۆیانیان هەیە.

چەمك و واتای گێڕانەوە

وەك پێشترقسەمان لەسەرمەیدانە فراوانەکەی گێڕانەوەکرد، کە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە ولە ئەدەبدا بووە بەزانستێك بە ناوی گێڕانەوەناسییەوە دەناسرێت و توێژینەوە وکاری زانستی لەسەر دەکرێت . لە ڕووی فەرهەنگیی زاراوەی ئەدەبییەووە((ناراتۆلۆجی Narratologe ، یان زانستی گێڕانەوە، بەعەرەبی (السردية) و السرديات)، لقێکە لە لقەکانی لێکۆڵینەوەی فۆرمالیزم و بونیاتگەریی زمانەوانی. لە سیستەمەکانی گێڕانەوە دەکۆڵێتەوە بەفۆرم و دەرکەوتە جیاجیاکانییەوە، هەروەها لەو بنەمایانەش ورد دەبێتەوە، کە گێڕانەوەی لەسەر دادەمەزرێت. ناراتۆلۆجی بریتییە لە تیۆری گێڕانەوە ، کە لە بونیادگەرییەوە وەرگیراوە، واتە بریتییە لە بونیادی گێڕانەوە.)) (ئەسوەد: ۲۰۱۵، ۳۸۵) .

نوێترین کاری توێژینەوەی ئەکادیمی لە ئەدەبی کوردیدا، لەبارەی وشەی گێڕانەوەوە دەڵێت (( سەبارەت بە گێڕانەوە، وشەی ( narrativeبە هاوڕەچەڵەکی وشەی لاتینی ) gnarus ) دەزانێت، کە ڕیشەیەکی هیندۆئەوروپی هەیە و بە مانای زانین دێت. ئەمەش بەومانایەیە، کە گێڕانەوە لە هەمان کاتدا ڕوویەکی تایبەتیی زانستە .گێڕانەوە، تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوانە نییە ،

که ڕوویان داوە، بەڵکو هاوتا کەشف و داهێنانی ئەوەش دەکات، کە دەشێت ڕووبدات . تەنها ڕووداو تۆمار ناکات، بەڵکو وەك بەش و ئەندامی مانادار، گشتێکی مانادار، لێرەوە ناسین و ئاشنایی نوسەر بۆ ڕوودا ، دەسازێنێت و ڕاڤەی دەکات و بەسەرهاتەکان، بۆ وەرگر دەگوازرێتەوە، کە دواجار بە ناونیشانی" زانیاری بەخشین "بە یەکێك لە ئامانجەکانی گێڕانەوە دادەنرێت. ( کاکە محەمەد:٢٠٢٢ ،٦ ) دوابەدوای وشەی گێڕانەوە، چەمك و مەبەست لە خودی گێڕانەوە ڕووندەکاتەوە و دەنووسێت : ((گێڕانەوە خستەڕووی بەسەرهاتێکە بۆ کەسانێکی وەك" :مرۆڤ، فریشتە، ئاژەڵ، شت "هاتۆتەپێش، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا .وەسفکردن و نیشاندانی بە زمانێکی وردچنراوی پەخشانی ، یان شیعریی، بە ڕەچاوکردنی چۆنییەتی باسکردن و شێوازی ڕێکخستنی ڕووداوەکان، هونەرمەندێتی کەسی وەگێڕ نیشان دەدات .بەو مانایەی ئەوەی دەگێڕردرێتەوە، ڕووداوگەلێکە، دەشێت لە ڕابردوویەکی نزیك، یان دووردا ڕوویان دابێت و ڕەگیان لە مێژوو، واقیع و ژیانیرۆژانەدا هەبێت)).( کاکە محەمەد:٢٠٢٢ ،٦ )

گومان لە توانا وئاستی دەربڕین ونووسینی عەلادین سەجادی ناکرێت ، بەتایبەتی لە نووسینە ئەدەبییەکانیدا، کە چەند بە شێوازێکی سادە وساکار بە وشەی کوردیی ڕەسەن ئەوەی ویستوویەتی گوزارشت لەبیرەکانی بکات. هەروەك چۆن لەشێوازناسیدا (چارلس بالی) لەبارەی زمانی نووسین وشێوازگەری دەربڕینەوە دەڵێت(( شێوازگەری وەکو (بالی) دەیبینێ لە زمانی تێکستدا بریتییە لە توێژینەوە ولێکۆڵینەوەی چۆنیەتیی داڕشتنی دەربڕینەکان ، بە پێی ناوەڕۆکە کاریگەرەکەی ، واتە لێکۆڵینەوەی ئەو هەستانەیە،کە بە هۆی زمانەوە دەربڕاون و هەروەها ئەو کاریگەرییەی هەست (احساس )بە سەر زماندا دروستی دەکات . بە واتایەکی تر شێوازگەری خولیای توێژینەوەی کردەو جموجوڵە دەربڕینییەکانە لەزمانێکی ڕێکوپێك و دروستدا ،تا ئەو رادەیەی کاریگەریی ناوەڕۆکەکە دەبینرێت و ڕووندەبێتەوە.ئەم دیاردەیەش لە کار وبەرهەمە ویژدانییەکاندا دەبێت و بە هۆی زمانەوە لەڕووی دەربڕین وگوزارشت کردنەوە دەردەکەوێت)) .(کاکی:٢٠١٢ ،٣٣_٣٤ ). کەواتە شێوازی زمانی نووسینەکانی سەجادی لە گێرانەوەی کورتیلە چیرۆك و نووکتەکانی ناو ڕشتەی مرواریدا ، بەتایبەتتر ئەو نوکتانەی، کە لە ناوەڕۆکیدا هەست ونەستی ژنی تێدا دەرکەوتوون، تەواو تەواو کاریگەریی ناوەڕۆکەکەیان تێدا دەردەکەوێت.

نوکتە وئەرکی سایکۆلۆژیای زمان

لەڕووی زمانەوە نوکتە بەو کورتیلە چیرۆك و بەسەرهاتانە دەوترێت ، کە لەچەند ڕستەیەکی کورت پێکدێن، وشەیەك، یان چەند وشەیەکی بەهێزیان تێدایە، دروستەو بونیادی ڕستەکە لە گۆشەنیگاو سیحری وشە وبیرێکی وردو قوڵ و ئامانجێکی دیاریکراوەوە دروست دەبێت. لەبواری زانستی زماندا ، زمانی ئاخاوتن چەند ئەرکێکی هەیە، کە لەڕێگاو شێوازی دەربڕینی جیاوازەوە دەردەکەون، بۆ نموونە ئەرکی سایکۆلۆژیای زمان لەناو خێزاندا، کاتێك دەردەکەوێت ،کە ڕاستەوخۆ لە وتە و ڕستەکانی ژنەوە ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییە بەرجەستە دەکرێن . ژنی ژیر و وشیار دەتوانێت، هەردەم کەسێکی زۆر هێمن و دوور لە توڕەیی وهەڵچوون لە نێوخێزانەکەیدا دروست بکات، ژنان بە زمانی شیرین وقسەی خۆش، دەتوانن تەنانەت پیاوی توڕەو بێ میزاجیش خاو وهێور بکەنەوە. کۆنترین نوکتە لە لایەن فیرعەونەکانی میسر و سۆمەرییەکانەوە بەرهەم هێنراوە ، کە تەمەنی ( ٣٩٠٠ ) ساڵە ، زۆربەی ئەو نوکتانە لەبارەی ژن و لەسەر زمانی ژنانە ، ئەویش ئەو کاتانە دروست بوون ، کاتێك کە سۆمەرییەکان (پیاوەکانیان) بۆ گێڕانەوە و گوزارشتکردن لە و خەفەت و ئازارانەیان ، کە بە هۆی ژنەکانیانەوە تووشیان دەبوون ، پەنایان دەبردە بەر نوکتە ، مەبەست لەنوکتە ، هەر لەو کاتەی دروست کراوە، تا ئەمڕۆش ، گوزارشت کردنە لە بابەت و مەسەلە قەدەغە کراوەکان ، لە تابۆ وئەو شتانەی ناکرێت و ناشێت لە هەموو کات و شوێنێکدا بگوترێن.

زۆرجار ئەو ڕستەو قسانە ، یان بە ئیدیۆم دەردەبڕرێن ، یان دەبن بەنوکتەو کورتیلە چیرۆکێکی خۆش . مەبەست وئامانجی ئەوان ئەوەیە، واقیعێکی خراپ وتاڵ لە ڕوویەك لە ڕووەکانی ژیانەوە زەقتر بکەنەوە، تەنانەت لە کایەی سیاسیدا و لە دانوسانەکانی نێوان دوو پارتی نەیاردا، نوکتە و قسەی خۆشی تێدەکەوێت. لەزمانی کوردی و زمانەکانی دیکەدا، گەلێك پێناسە ولێکدانەوە بۆ نوکتە کراون بەگشتی هێندەی کورتی نوکتە خۆی، پێناسەکەشی کورتوپوختە، پەسەندترینیان دەڵێت :وتەو قسەیەکی خۆش و نەرمونیان وناسکە، کاریگەریی لەسەر کردنەوەی گیان و دەروون دەکات. بەکورتی وەك زانایەکی سۆسۆلۆگیای زمان بەناوی (سولی ) دەڵێت : نوکتە هۆکارێکی خەباتی کۆمەڵایەتییە، سەبارەت بە ژیانی هەژار وچەوساوەکان بەگشتی وژن و منداڵان و زەحمەت کێشانییش بەشێوەیەکی تایبەتی، ئامرازێکە بۆ بەدەستخستنەوەی نرخ و پێگەی تایبەتیی خۆیان(تعاريف النكتة . www.almaany.com) بەدوادا چوون ونووسینی زۆر لەسەر مێژووی نوکتەو کۆنترین نوکتە کراوە، پوختەی هەموویان ، ئاماژە بە بوونی دوو نوکتەی کۆنی مێژوویی دەکەن، توێژەرانی نەختینەسازی و ئەرکیۆلۆژییەکان دەڵێن:کۆنتین نوکتە لە (١٩٠٠)ساڵ پ.ز. بووە، لە باشوری عێراق لە شارستانییەتی سۆمەرییەکان، لەسەر پارچە قوڕێك نووسینێکیان دۆزیوەتەوە ، شوێنی نوکتەکە لە دەستشۆر وتەوالێتەکاندا بووە، ئەم نوکتەیەی لەسەر نووسراوە، وەك قسەی نەستەق وایە ، لە زمانی ژنێکەوە کە دەڵێت : تائێستا لەباوەشی مێردەکەمدا غازاتی سکم بەتاڵ نەکردووەتەوە. بەکوردییەکەی دەڵێ هێشتا لەباوەشی مێردەکەمدا نەتڕیووم. دووەم کۆنترین نوکتە لە مێژوودا، نوکتەیەکی سەردەمی فیرعەونەکانی میسرە، مێژووەکەی بۆ ١٦٠٠ ساڵ پ.ز. دەگەڕێتەوە و باس لە بارودۆخی کۆیلەکان دەکات، لەکاتی پشووەکانیاندا کاتێك بەیەکەوە دادەنیشتن وگفتوۆیان دەکرد هەندێك لەدەمەتەقێ و قسەکانیان گاڵتەجاری وقسە بووە لەسەر ناخۆشییەکانی ژیانیان وگوزەرانی ڕۆژانەیان، بەم دیالۆگە دەستپێدەکات:

یەکەم: دەپرسێت: کێ دەزانێت، چۆن ورە و مەعنەویاتی (سنوفر)فیرعەون لە کاتی ڕاوە ماسیدا بەرزبکەیتەوە ؟

دووەم: وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: لەناکاو پاڵێك بە کۆیلەیەکەوە بنێ وفڕێیدەرە ناوئاوەکەوە و بەدەنگی بەرز هاواربکە: گەورەم گەورەم ، ئەوە ماسییەکی گەورەیە.،https://www albawaba.com/ar.

پیاو سالاری لەناوکۆمەڵی کوردیدا و چەپاندنی ژن.

لە مێژووی سۆسیۆلۆگیای دووردرێژی پێکەوە ژیانی مرۆڤدا، مێژوو نووسان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە بچووکترین خێزانی کۆمەڵ لە ڕەگەزی نێر ومێ ، یان ژن وپیاو پێکدێت، تائێستاش ڕەگەزێکیان باڵادەست و سالار بووە بەسەر

ئەوی دیکەدا.دکتۆر (کەمال مەزهەر ئەحمەد) لە کتێبی( ئافرەت لە مێژوودا )، باس لە سەردەمێکی مێژوویی دەکات ، کە ژن تیایدا باڵا دەست و سالار و سەرداری کۆمەڵ و کۆمەڵگا بووە ، تەنانەت خاوەنێتیی منداڵان، بە ناوی دایکییەوە تۆمار کراوە لە جیاتی ناوی باوك . زانایانی بواری ئەنسرۆپۆلۆگی دەسەڵاتی دایك ،یان دایکسالاری بە (ماتریارکی )ناو دەنێن .کە لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکانی پێش مێژوودا، حوکمی دایك باوی بووە( . ئەحمەد: ١٩٨١، ٧)

ئەگەر سەیری پێوەندیی تاك و تاك ، دواتر تاك و کۆمەڵ بکرێت ، ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت،کە زمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت ، بەوپێیەی بەهێزترین فاکتەری پێکەوەبەستنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیەو هاوکات هێماو کەناڵی سەرەکیی کار و چالاکییەکانیانە. سەرەتا هەر لە ڕێگای زمانەوە بووە، بەرزی و نزمییەکانی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە بەسەر یەکتریدا دەرکەوتووە.

لەسیستیمی پیاو، یان باوکسالاریدا ، نێردەسەڵاتی گشتیی بەدەستەو مافی ئەوەی هەیە ، ژیانی ژن و منداڵەکانی دیاری بکات ، وەك نموونەی خێزانی عەرەبی ، کە ژن ومنداڵ لە ژێردەسەڵاتی سەرجەمگیری باوکدان ، ئەم جۆرە سیستمە لە کۆمەڵی کوردیدا هەبووە وتائێستاش لە هەندێك کۆمەڵی مۆدێرندا نەبێت ،هەر بەردەوامە . پیاو لەم جۆرە سیستمەدا تەنیا بە هەژمووني ئابوری و دەسەڵاتی حوکم بەسەر ژندا ناوەستێت ، بەڵکو لەنێو کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتییەکاندا سەری کێشاوە بۆ دەسەڵات وحوکم کردن بەسەر حەز و ئارەزوو و شوکردن و هاوسەرگیری و....هتد . سەجادی لە ژانرێکی ئەدەبی گەورە دواوە ،کە ئەویش داستانە، ( سەجادی لە بابەتی داستانی ژنیش (هەشت) بابەتی بەهێزی واتاداری تۆمارکردووە ، تیایدا مەردیی ووەفا، بێدەنگی جینس وڕووهەڵماڵراوی ژن نیشان دەدات، زیاتر مەکروفێڵبازی ژن پانتایی بابەتەکانیان گرتۆتەوە)( نەقشبەندی:٢٠١٣،٢٠٢) ، لە بەشێکی زۆری خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پیاوان کەسێکی دڵ ڕەق و تورە و خاوەن دەسەڵات بوون ، حەزەکانی ژن وکچ و تەنانەت چێژ و موچوڕکی خۆشییەکانیان لەژێر فشاری پیاودا بوون و بەزۆر چەپێنراون ، ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییە لە هەڵسوکەوت و دەربڕینەکانیاندا، تێکەڵ بە کەسێتیی ژن و کچ بوون. ژنی کورد بەرەنگاریی ئەو دیاردەیە بوونەتەوە ونارەزاییەتییەکانیان بەقسەی بەتوێکل و تیروتوانج و هەندێك جار بەکردەوەش دەربڕیون ، ئەوانە ئەو بەڵگەو دۆکۆمێنتانەن ، کە مامۆستا سەجادی کۆی کردوونەتەوە .

بوێری ژنی کورد لە وەڵامدانەوەی پیاوانو دەربڕینی بیرەکانیان.

کەدەوترێت ڕشتەی مرواری کتێبێکی مەوسوعی گشتگیرە، دەکرێت لە گەلێك بوارەوە توێژینەوە ونوسینی لەسەر بکریت ، چونکە سەجادی لەوبەرهەمەیدا. باسی لە گەلێك بابەت وسەرگوزوشتەی ژیانی ناوکۆمەڵی کوردەواریی کردووە ولای لە هەمووچین وتوێژەکانی کۆمەڵ کردووەتەوە وناوی هێناون.( سەجادی ئافرەتانی ناوداری کوردو دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیانی لەناو بەرگەکانی ڕشتەی مرواریدا بەچاوێکی گەشی مرۆڤایەتییەوە تێڕوانیون ولە کۆمەڵگەی کوردەواریماندا لەسەر ئافرەت زۆر شت باسکراوە بە هەردوو لایەنی چاکەی وخراپییەوە، بەڵام کەس وەکو سەجادی دەرمانی ئەو دەردەی نەکردووە، بەجەرگی و بە هەڵوێستی ئافرەتی کوردی لە چوار چیرۆکی قارەمانێتی ژناندا نیشان دەدات)(نەقشبەندی:٢٠١٣،٩٧_٢٠٠)

گێڕانەوەی بەسەرهات و چیرۆکە نوکتە ئامێزەکانی ڕشتەی مرواری دەنگی بوێری ژنی کوردن ، لە ئەنجامی چەپاندنی حەز وئارەزو وشکاندنی کەسێتیی کچ و ژنی کورد ، وەك پێشتر لە باسی سیستمی پیاو سالاریدا باسی لێوەکرا. مێینەی کورد لەڕێگای زمان و قسە بە توێکل و پلارەکانییەوە بەرەنگاری ئەو سیستمە بوەتەوە و هەر نەبێت بەدەنگ و زمان نارەزایی دەربڕیوە و خۆی ڕادەستی نێرینەی دەمپیس و دەستدرێژکەر نەکردووە . زۆر ئازایانە و بوێرانە وەڵامی داواکاری و خواستی نەشیاو و نادروستی پیاوانی داوەتەوە و سجادیش بە زمان و شێوازێکی ئەدەبی گونجاوولەبار گێڕاوییەتەوە؛چونکەزمانی ئەدەبی هەوڵ و کۆششێکی خودییە و نووسەر بەمەبەستی جوانکاری و ئیستاتیکا ئەو گۆڕانکاریانە بەسەر زمانەکەدا دەهێنێتەر وەك چۆن لە شێوازگەری دەربڕیندا، زاناو ڕابەری ئەو قوتابخانە شێوازگەرییە (بالی) دەیەوێت لە ڕێگەی شێوازی زمانەوە هەستەکان بدۆزێتەوە. بەگوێرەی ئەو بنەمت زانستییە؛ ژنان ئەگەرچی نەخوێندەواریش بوون ، بەڵام لە وتەکانیاندا لە ڕێگای خوازەو درکەو ئیدیۆم وشێوازی دەربڕنی جوانەوە ناوی ئەندامەکانی لەشی خۆیان هێناوە و بە دەمودان ولەوسی پیاوانیان چواندووە. لە شێوازی ئاخاوتنی گشتییدا خەڵك تاڕادەیەکی زۆر خۆی بەدوور دەگرێت لە بەکارهێنانی ناوی ئەندامەکانی زاووزێ(( زۆرینەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ هەوڵدەدەن، بەپێی باوی ڕۆیشتوو و خو و نەریتی باو، خۆیان بە دوور بگرن لە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە نیشانەی پرسیاریان لەسەر دروستدەکات.)) (فەرەج:٢٠١٣،١٦٨ )، ئەو وشەو دەربڕینانە بە تابۆی سێکسی ناو دەبرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێی تەمەنی مێینەکە زۆر جار وشە تابۆی سێکسی و تەنانەت دەربڕینە ئیرۆتیکییەکانیشیان بە کارهێنراون، بەبێ ئەوەی گوێ بە ژنایەتی خۆیان و نێرایەتی وپلەو پایەی سیاسی وکۆمەڵایەتی گوێگرەکانی بەرامبەریان بدەن . وەك لەم نموونانەدا دەبینرێت، کە مامۆستا عەلادین سەجادی لە ڕشتەی مرواریدا دەیگێڕێتەوە:

ڕۆژێك وەسمان پاشا لە سولێمانییەوە ئەڕواتەوە بۆ هەڵەبجە ، لە پەڕینەوەدا لە بوارێکدا تووشی ژنێك ئەبێ ، کە لە ئاوەکە ئەپەڕێتەوە ، تەماشا ئەکا ژنەکە بۆ ئەوەی تەڕ نەبێ دەرپێکەی دا کەندووە ، پاشا ویستی بیدوێنێ ، سەیری ناولنگی ئەکا ئەپرسێ :( کچێ کوێنەریت و چە کە سیت ؟) ژنەکە ئەڵێ ( سەیسایەقیم و دۆمم ). پاشا ئەڵێت ( کەنی ! قوزێکی ناشرینت هەیە ،ئەوە بۆچی دمی وەها شێواوە ؟) . ئەویش ئەڵێ :(قوروان ئەو ئەرکەی لەسەر ئەوە ، ئەگەر لەسەر دەمی تۆ بوایە ددانێکی تێدا نەئەما و لەمە خراوتریشی لێ ئەقەومیا ) . (سەجادی: ٢٠٠٨، ١٣٤)

بیروهزری پیاوسالاری هەردەم گوتاری خۆی بە هێز وکاریگەرکردوە و تاڕادەیەکیش بە مافی پیاوەتی خۆی زانیووە ، لە لوتکەی نێرایەتییەوە زۆر بەسوك وئاسان دەڕوانێتە مێینەی بەرامبەری و هەمیشە بەدڵنیاییەوە ڕووی دەمی دەکاتە بەرامبەرەکەی و بێئاگایە لەوەی ،لەهەر کات وساتێکدا بێت ، ژن وکچیش هیچیان لەو کەمتر نییەو بگرە زیاتریش وشەکانیان دەکەنە تف ونەعلەت و دەیدەن بەڕووی بێڕوواندا ،کورد واتەنی "لە جێی سندان قوزەڵقورتە " وەك لەم نموونەیەدا دەبینرێت:

)ژنێکی جوان لە سولێمانی بە کۆڵانێکدا ئەڕۆیشت و منداڵێکی پێ بوو . کابرایەك تووشی بوو ، بەژنەکەی وت : توخوا خوشکم ئەگەر ئەو منالەم نەدەیتێ ماچێکی بکەم ، ژنە وتی بۆچی وا ئەوەندە دڵت پیاچووە و ماچی ئەکەی ؟ کابرا وتی چونکە لەو قوزە دەرهاتووە . ژنە وتی "کەواتە بچۆ کێری باوکی ماچ کە " کابرا ئیتر دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوو ) . (سەجادی: ٢٠٠٨، ١٣٥ ).

وتەو دەربڕینەکانی ژنان و کچانی کورد لە ڕشتەی مرواریدا ، دارشتەیەکی بوێری ئەوانن . مامۆستای نەمر لەو مرواریەیدا بوێرانە باس لە بوێری ژنان دەکات.

(کابرایەك ژنێکی جوانکیلە دەبینێت لەدوای ئەوەی بارە داری بۆ شار هێناوە و فرۆشتوویەتی ، دەگەڕێتەوە بۆ لادێکەی ، پیاوەکە پێی دەڵێت :توخوا ژنەکە ئائەم ڕاسپاردەیەم لە گەڵا خۆت بۆ ناگەیەنیت ؟ لەوکاتەدا دەستی بردبوو بۆ دەعباکەی . ژنەکەش کوتوپڕ وتی :ئەگەردایکتم بەرچاونەکەوت ، بیگەیەنم بە خوشکت ؟) . ( سەجادی : ٢٠٠٨ ، ١٤٣ )

بوێری و بەرەنگاربوونەوە بە کردەوە:

زۆر جار ژنی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی حەزە نادروستەکانی هەندێك پیاودا، داخوازی پیاوانێکی ڕەدکردۆتەوە و بگرە نەك تەنیا خۆی ڕادەستی ئەوپیاوانە نەکردووە ،کەویستوویانە ئارەزووی ئێرۆتیکی وحەزی سێکسی خۆیان خاڵی بکەنەوە ، بەڵکو لەهەندێك لەو چیرۆکانەدا کچانی پاکیزە و داوێنپاك ، قارەمانییان نواندووە و تۆڵەی خۆیان لە پیاوە هەوەسباز و چڵێسەکان سەندۆتەوە ، وەك ئەوچیرۆکانەی ، کە سەجادی نەمر لەژێر سەرباسی (هەندێك لەقارەمانێتی ژن) دا نووسیونی .لەیەکێك لەو چیرۆکانەدا ، کەبەڕاستی روویان داوە (فاتمە ناوێك لەلایەن خورشەیەکی شەروال پیسەوە بەزۆر لاقە دەکرێت ، فاتمە دوای هەوڵدانێکی زۆر بەیارمەتی براکەی خورشە بەسزای خۆی دەگەیەنێت ) .(سەجادی : ٢٠٠٨ ل ٢٢٢ تا٢٤٤ ):

نوکتە و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان بەڵگەی ئەوەن ، زۆرجار ژنانی کورد ئێرۆتیك و پێویستییان بەو لایەنەی ژیان وای لە هەندێك ژنی ئازا کردووە بەکردەوە و بەئاشکرا توینێتییان بۆ سێکس دەربڕن ، ئەمەئەوە ناگەیەنێت ، کە ژنی کورد داوای بەرەڵایی و لەشفرۆشی و پۆرن (porn) ی کردبێت .بە ڵکو بە پێویستییەك و داوایەکی مافی ژنێتی خۆی زانیوە ، نموونە:

لە زەمانی ئەورەحمان پاشای باباندا ، کابرایەك چووە ماڵی پیرە ژنێکی دۆستی و سواری بوو ، پیرەژنەکە وتی :ئەرێ کورم دەنگوباس چییە ؟ کورەش وتی بەخوا نازانم ئەوەندە ئەزانم پاشا ئەمری دەرکردووە ساڵێکی تەواو ئەبێت سواری پیرەژن بنن ، پیرەژن وتی فەرمانێکی چەند بە ڕێ وجێیە . پیرەژنە کچێکی هەبوو لەولاوە گوێی لێبوو ، بەدەم نووکە نووکەوە وتی : گوایە ئێمە گوناحمان چییە وا پاشا قسەیەکی لە ئێمەشەوە نەکردووە ؟ پیرە ژنەکە خێرا هەڵیدایە وتی : چەنە لێ مەدە ،تۆ گریانەکەت فرمێسکە ، من گریانەکەم خوێنە، من ناتوانم پێچەوانەی فەرمانی پاشا بکەم، ئیشی خۆت بکە کورم. ( سەجادی: ٤١٣،٢٠٠٨)

لەکۆتایدا پێویستە ئەوە بڵێین ئەم توێژینەوەیە وگێڕانەوە ونوکتەو کورتە چیرۆکەکانی سەجادیش مەبەستی سوکایەتی کردن بەژنەوە نییە ، بەڵکو ڕاستییەکی زانستییە و لەخزمەت پرۆسەی هاوسەنگی و یەکسانی مافێکی سروشتی ڕەوای ژناندایە، وەك پیاوان لە بواری ئێرۆتیك و چێژ وەرگرتن لەسێکس لە چوارچێوەی دابونەریتی دروست و ڕێپێدراودا، نەك بە زیادەڕۆیی و بەرەڵایی لە قەڵەم بدرێت .

هیوادارم بوێرانە توانیبێتم ، بەتوانایی و بوێری مامۆستای نەمر (عەلادین سەجادی ) م لەم توێژینەوەیەدا خستبێتە روو ، کە ئامانج و مەبەستی سەجادیش، دەرخستنی لایەنی بوێری و بە توانایی ژنی کورد بووە،. لە زۆربەی زۆری لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا و هەروەك چۆن لە کایەکانی کارکردندا شان بەشانی پیاو کاریان کردووە، لە پێوەندی ئاخاوتن وگفتوگۆ وبەرکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەکانیشدا توانیویانە بوێرانە، لە جێگای خۆیدا هەستەکانیان بە شێوازی ژنانەی خۆیان دەربڕن و گوزارشت لەبیرەکانیان بکەن

## ئەنجام :

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا ، چەند ئەنجامێك بەدەست هاتوون ، لەم چەند خاڵەدا چڕدەکرێنەوە :

١-کتێبی ڕشتەی مرواری تەنیا کتێبێك نییە ، نوکتە و قسەی خۆشی ناو خەڵکی تێدا نووسرابێتەوە، بەڵکو کتێبێکی گشتگیری فرە بابەتە، کورتە چیرۆك و سەرگوزەشتەو بەسەرهات، هەندێك پارچە شیعری تێدایە .

٢ گێڕانەوە بابەتێکی سەرەکی و گرنگە لە زۆربەی زۆری جومگەکانی پەیکەری نووسینەوەی کتێبەکەدا بەرچاودەکەوێت.

٣ نووسەر لای لە توانای شێوازی ئاخاوتن و دەربڕینی ئافرەتی کوردی کردووەتەوە، لە گێڕانەوەی تێکستە ئەدەبییەکاندا.

٤ لەشێوازی زمانی ئاخاوتنی ئافرەتان شارەزابووە، تەنانەت لە چۆنێتی گۆکردن و دەربڕینی تۆنەکان و ئەکسێنتی مێینە نزیك بۆتەوە و لە ڕێگەی جیاوازی ئەو دەنگانەوە، دەربڕنی ژنانەی تۆمارکردووە .

٥ لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا ، لە سەر زاری ژن وکچان، زۆربەی هەستەکانی ناخی دەروونی ئافرەتانی دەربڕیوە، بەتایبەتی حەزوئارەزووە شاراوەکانی مێینە، لە لایەنی خۆشەویستی و ئیرۆتیك وسێکس.

## سەرچاوەکان:


١- احمد د.کمال مەزهەر ئافرەت لەمێژوود، چاپخانەی الحوادث، بەغدا-_١٩٨١

٢- ئەسوەد (د.) نەوزاد ئەحمەد ، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی وزانستە مرۆڤایەتییەکان ،ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، سلێمانی،٢٠١٥.

٣- پەخشان زنگنە ، نحو عام (٢٠٠٠ الامرأ العراقیە ...العنف واوصاع المرأە فی کردستان العراق ، سیمینائێك بوو لەشاری کۆلن –ئەڵمانیا ١٩٩٩ . کراوە بە نامیلکە.

٤- سجادی عەلادین ، ڕشتەی مرواری ، بەرگی ١ تا ٨ ،چاپی دووەم ، کوردستان ، ٢٠٠٨ ، ٢٧٠٩ ك

٥- سەجادی عەلادین ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەغدا ، چاپی دووەم ، ١٩٧١ .

٦- ڕەسول د. عزەدین مستەفا ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپحانەی زانکۆی سلێمانی ، ١٩٧٩ .

٧- فەرەج،د.شاخەوان جەلال، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان وکلتور ،سلێمانی ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی سلێمانی ، ٢٠١٣

٨- کاکی،د. حەمەنووری عومەرشێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست، سلێمانی، ٢٠١٢.

٩- نەقشبەندی،د.فاروق، عەلائەدین سەجادی، ژیان و بەرهەمە ئەدەبییەکانی، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی، ٢٠١٣

١٠- نامەی ئەکادیمی : بوشرا قادر کاکە محەمەد،ئێستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، ٢٠٢٢.

١١- سەرچاوەی ئەلکترۆنی :https://www albawaba.com/ar


## ملخص البحث


يتناول هذا البحث الموسوم ب (اسلوب تعبير المرأة في اظهار احساسهن في المكتوبات السردية لعلاء الدين السجادى)، دراسة تحليلية لكتاب (رشتەی مرواری)،الذي نعتبره بمثابة كتاب موسوعي عام، جمعه وألفه الكاتب الكردي الكبير علاء الدين السجادى ويتطرق البحث الى اظهار اسلوب التعبير عن حس المرأة الكردية في هذا الكتاب القيم.

وقد قسم البحث الى قسمين .ففي القسم الاول سلط الضوء على توضيح علم السرد واجزائه.و تناول القسم الثاني المواضيع الاجتماعية كسيطرة الابوة وتسلط الرجل على المرأة وكذلك العلاقات الاجتماعية بين الرجل والمراة والحيوارات بينهم و اهتم الباحث بموقف المراة في مواجهة الرجل و الاجابات المؤثرة عند طعن المراة بكلمات غير لائقة وجارحة. وكذلك يتضمن البحث قائمة بالمراجع والمصادر المعتمدة ، ثم اوجزنا النتائج فى عدة نقاط ، وختم البحث بترجمة ملخص البحث باللغتين العربية و الانكليزية.


## Abstract:


This research, titled (Women's expression in their feelings in the narrative writings of Alaa Al-Din Al-Sajjadi), deals with an analytical study of the book (Rashtahi Marwari), which we consider as a general encyclopedic book, compiled and written by the great Kurdish writer Alaa Al-Din Al-Sajjadi. The research was divided into two parts. In the first section, it sheds light on the clarification of the science of narration and its parts. The second section dealt with social issues such as paternity control and man's dominance over women, as well as social relations between men and women and the dialogues between them, including women with inappropriate and offensive words. The research also includes a list of references and approved sources, then we summarize the results in several points, and conclude the research with a translation of the research in both Arabic and English.


Keywords Literature, feeling, narration, style, expression, woman, joke